# نامەیەک لە شەوکەت غەفوور بابانەوە بۆ تاهیر ئەحمەد حەوێزی

**ئا: سەرنووسەر**

بەغدا - ١٩٦٠/٧/١

مامۆستای بەڕێز کاک تاهیر ئەحمەد حەوێزی پێشکەش بێت

ڕۆژتان باش

لەپاش هەواڵ پرسین، هیوادارم لە خۆشیدا بن. نامەکەتم پێگەیشت کە لە ١٩٦٠/٦/١٥دا نووسیبووت، زۆر دڵشاد بووم. مامۆستا هەرچەندە من بە خزمەتتان نەگەیشتووم، بەڵام کاک جەلالی براتان و کاک کەمالی برازاتان و زۆر لەخزمان و ناسیاوانتان ئەناسم و شانازی بە ناسین و دۆستایەتیتان ئەکەم، نەک تەنیا بەرامبەر بە ئێوە، بەڵکو بەرامبەر بە خێزانی حەوێزی بە تێکڕا.

مامۆستا گیان، لە نامەکەتا دوو پێشنیازت نووسیبوو بۆم، زۆر سوپاست ئەکەم، ئەمە وەڵامەکەی منە.

**یەکەم:** لە بارەی کە لە ئێستگەوە ئەموت (بە هەردوو شێوە) گۆڕیم بە (دوو شێوە) وەکو ئێوە فەرمووتان ڕاست ئەکەن، من غەڵەت بووم، بەڵام من مەبەسم لە هەردوو شێوە ئەوەبوو کە تەنیا ئێمە لە ئێستگەوە بە دوو شێوە ئەدوێین، مەبەسم لەو حوجەیە ئەوە نییە کە غەڵەت نیم، بەڵکو پێشنیازەکەی جەنابتان زۆر ڕاستە و بە فەخرەوە وەرم گرت و وەکو خۆت فەرمووبووت ئەگەر گوێ لە ئێستگە بگریت ئێستاکە ئەڵێم بە دوو شێوە.

**دووەم:** لەبارەی شێوەی سۆرانی کە بڵێم شێوەی سلێمانی، یان بابانی، یان شارەزوور، پاش ئەوەی پرسیارم لە چەند برادەر و مامۆستایەکی شارەزا کرد، بە تایبەتی مامۆستا جگەرخوێن و برادەرانی ئێستگە وتیان خۆی چوارشێوەیە: ١-شێوەی کرمانجی، یان بادینان ٢- شێوەی سۆرانی ٣- شێوەی لوڕ ٤- شێوەی کەڵهوڕ.

مەبەس لە شێوەی کرمانجی، یان بادینانی وەکو خۆتان شارەزان ئەزانن کوێ ئەگرێتەوە و پێویست ناکات درێژەی بدەینێ. لێرەدا باسی شێوەی سۆرانە وەکو فەرمووتانە کە سۆران هەر لە زێی بچووکەوە ئەیگرێتەوە تاکو زێی سیروان، بەڵام پێشنیازتان داوە کە بوترێ شێوەی بابان، یان شارەزوور.

مامۆستا گیان: بابان بەکار نەیەنم باشترە وەکو فەرمووتە کە هەرچەندە ئەتۆش بابانی!! لەلایەکی ترەوە حکوومەتی بابان، یان حوکمدارانی بابان بیستراوە، بەڵام شێوەی بابانی هەرچەندە هەندێ لە نووسەر و مێژوونووسەکان بەکاری ئەهێنن، بەڵام بەلای منەوە وا ئەزانم ڕاست نییە بوترێ شێوەی بابان، کە هەرچەندە من قیرسچمە نیم، ئەگەر نووسەران و وێژەوانەکان و زانایان





سەلمانیان ناچارین کە هەموو بڕیاری لەسەر بدەین و وەری بگرین، هەروەها لە بارەی شێوەی شارەزوورەوە وەکو فەرمووتانە شارەزوور کۆنترە لە بابان، لەبەر ئەوە بوترێ شێوەی شارەزوور، من دووبارە ئەمە بەڕاست نازانم، لەبەر زۆر شت، وەکو تەنیا لەبەر ئەوە کە شارەزوور کۆنترە، بۆیە بەکاربێت!! بۆچی؟! ئایا لە مێژووی کورددا لە شارەزوور کۆنتر نییە؟! ئەگەر مەبەست ناونانی شێوە بە کۆنترین شت بێت، بام ناوێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە؟!

لەلایەکی ترەوە، هەروەها لە ناوچەی شارەزووردا ماوەیەک حوکمڕانی کراوە، بە واتایەکی تر ئیمارات و حکووماتی کوردی بووە، تەنیا لەبەر ئەوە نابێت شێوەی قسەکردن، یان زمانێک کە لە زێی سیروانەوە تاکو ئەگاتە زێی بچووک، یان زێی کۆیە قسەی پێ ئەکەن، بکرێت بەشێوەی شارەزوور کە ناوچەیەکی ئاشکرایە.

ئینجا لێرەدا من ئەڵێم مامۆستا تۆ بۆچی ئەتەوێت بوترێ شێوەی بابان، شارەزوور، یان سولەیمانی؟! ئایا شێوەی سۆرانی ڕاستتر و باشتر نییە؟! ڕەنگە لەوە پەست بێت کە برادەرێکی کۆیی لە ئێستگەدا نییە کە گوێت لە دەنگی بێت، ئەوە خەتای منی تیا نییە، چونکە من حەزم ئەکرد کە لە هەموو لایەکەوە برادەران هەبوونایە و بیانتوانیایە بگەیشتنایە ئێستگە بۆ خزمەتی نەتەوەکەمان و زمانەکەمان.

مامۆستا گیان: دوا قسەم ئەوەیە زۆر سوپاستان ئەکەم و هیوادارم کە لە پێشنیاری بەکەڵکتان فەرامۆشمان نەکەن.. زۆر سەلام لە برادەران ئەکەم، بە تایبەتی مامۆستایان هەموو، چونکە خۆم ماوەیەک مامۆستا بووم و تا مردن مامۆستام لەلا گەورە و بەڕێزە.

سەلام لە کاک کەمال و کاک جەلال ئەکەم. نازانم حەوێز وەهاب بناسن، ئەو پیاوەی کە هیچ قسە ناکات!! کە زۆر بێدەنگ و بەسەزمانە!! لەبەر خاتری کەمال و جەلال سەلامی لێ بکە. ئیتر هەر بژین بەخۆشی.

برای دڵسۆزت
شەوکەت غەفوور بابان